زانکۆی سەلاحەددین

کۆلێژی پەروەردە

بەشی زمانی کوردی

# پراگماتیک

## پۆلی چوارەم

## ٢٠٢٣ - ٢٠٢٤

## کۆرسی دووەم

## سەرەتایەك: ـ

پراگماتیك زانستێكی واتایی نوێیە و گرنگی بە بەكارهێنانی زمان دەدات، لە حەفتاكانی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵداوە ، وەكو زانستێك زۆری دەوێ ، تاكو بچەسپێ.

پراگماتیك ئەرك لەسەر سیمانتیك(واتاسازیی) كەمدەكاتەوە و ڕاڤە و شیكردنەوەی گونجاو بۆ دەربڕینە نائاسایی ونامۆكان دەكات و دەوروبەرێكی گونجاوی بۆ دەدۆزێتەوە و وەڵامێكی رازیكەر دێنێتە ئاراوە ، تاكو دەربڕینەكە بخاتە قالبێكی گونجاوە.

بەم پێیەش هەموو دەربڕینەكان بە تایبەتیش نائاساییەكان دەتوانرێت شیبكرێتەوە و بخرێتە روو ئەگەر بە نزیكراوەیش بێت .

ئەمە لەلایەك ،لەلایەكی ترەوە پراگماتیك زانستێكی ئاڵۆزە و تێكەڵ بە زانستە جیاجیاكانی تر بووە و كاریگەری بەرچاوی هەیە لە بوارەكانی رامیاری و ئەدەب و ڕاگەیاندن و دیارخستنی تاوان و دەستنیشانكردنی نەخۆشی دەروونی و ئاخاوتنی رۆژانە ... هتد ، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو ڕەوشتە زمانیانە دەخاتە بەر تیشكی لێكۆڵینەوە كە زمان دەنوێنن لەوانەش جولانەوە و هەڵسوكەوتە بەویست و بێ ویستەكان ، چونكە واتا لە چوارچێوەی مەبەستەوە لێكدەداتەوە .

پراگماتیك زانستێكی زمانییە ، گرنگی بە پڕكردنەوەی كەلێنی واتایی نێوان واتای فەرهەنگی و واتای مەبەست دەدات ، پشتبەستوو بە پاشخان و دەوروبەر ، بۆیە دەتوانین بڵێین پراگماتیك توانستی بەكارهێنان و یاریكردنە بە زمان ، ئەم توانستەش بەدەست نایەت ئەگەر تاك باكراوەندی فەلسەفی و لۆجیكی و دەروونی و كۆمەڵایەتی نەبێت ، پراگماتیك فێرمان دەكات گوێگری زۆر بین و قسەكەری كەم ، قسەكردنەكەمان بێ بەڵگە نەبێت، فێرمان دەكات چۆن كۆدەكان بكەینەوە ، فێرمان دەكات ، چۆن وردبینی لە ئاخاوتنە دەربڕاوەكان بكەین

## زاراوەی پراگماتیك: ـ

زاراوەی پراگماتیك لە وشەی پراگمای گریكیەوە وەرگیراوە ، كە لە بنەڕەتدا یاخود لە ڕەسەندا بە واتای كاركردن یاخود پراكتیك دێت ٠

بۆ یەكەمجار ئەم زاراوەیە لە ساڵی ١٩٣٨ لە لایەن ﴿چارلس مۆریس﴾ ەوە لە كتێبەكەیدا بە ناوی زانستی هێماكان بەكارهاتووە . دەشێ ئەو بۆچوونانەی مۆریس، وەك ڕەگ (بنجی) چەمكی پراگماتیك سەیر بكرێت پراگماتیك یەكێك لەو بوارانەیە گرنگی بە زمانی دەربڕاو دەدات نەك نووسراو ئەمەش مایەی بایەخە ، چونكە

مرۆڤ پێش نووسین بە ماوەیەكی زۆر گرنگی داوە بە زمانی دەربڕاو و جگەلەمەش منداڵ سەرەتا فێری زمانی دەربڕاو دەبێت ، پاشانیش مرۆڤ زۆربەی كاتی ژیانی بەم جۆرە زمانە بەسەر دەبات.

دوای بەكارهێنانی زاراوەی پراگماتیك لە لایەن مۆریسەوە ، زاراوەی پراگماتیك لە چوارچێوەی دوو بۆچووندا بەكاردەهێنرا : ـ

١- بۆچوونی فراوان : هەموو زانستەكان دەكات بە یەك و دەیانباتە ناو پراگماتیكەوە .

٢- بۆچوونی تەسك : كە زیاتر پەرە پێدراوە و بەكاردێ بەمەش پراگماتیك بریتی دەبێ لە هەندێ بیر و دیاردەی نابەرجەستە ( مجرد ) ، كە لێكدانەوەكانیان پێویستی بەوە هەیە بە سیاق و دەوروبەرەوە ببەسترێتەوە هەر دیاردەیەك كە دەچێتە ناو پراگماتیكەوە ، كە خۆیان نابەرجەستەن و پێویستیان بەوەیە بۆ لێكدانەوەیان پەنابەرنە بەر دەوروبەر ، ئەگەر نا واتایان لێكنادرێتەوە .

زانستی پراگماتیك بەشێكی زۆر كەمی لەناو لێكۆڵینەوە زانستەكانی زمان بۆ تەرخان كراوە ، پاشان گرنگی پێ

درا كاتێك هەندێ كێشە سەری هەڵدا كە واتاسازی (سیمانیك) نەیتوانی چارەی بكات ، تەنها بەوە چارە دەكرا كە دەوروبەر لەبەر چاو بگیرێت.

وەك لەم ئاخاوتنەی خوارەوە دەیخەینە روو : ـ

أ ـ سعات چەندە ؟

ب ـ بانگی نیوەڕۆی دایە .

یەكێك لە بنەماكانی ئاخاوتن ، ئەوەیە كە دەبێت ئێمە هاریكاربین لەگەڵ یەكتری ، واتە ئەگەر پرسیارمان لێ كرا دەبێ وەڵامی بدەینەوە ئەگینا پەیوەندی دروست نابێ و هەست ناكرێ ئاخاوتنی (ب) وەڵام بێ بۆ (أ) لێرەدا واتاسازیی بەتەنها ناتوانێ زیاتر لەم واتا فەرهەنگیەمان بداتێ : ـ

أ ـ من حەز دەكەم پێم بڵێیت ( سعات چەندە؟ )

ب ـ ( بانگی نیوەڕۆی دایە ) لە پێش پرسیارەكەی تۆ.

وەڵامی (ب) بۆ (أ) زیاتر لەم واتایە فەرهەنگیە دەگەیەنێت  ومەبەست زیاترە ، چونكە مرۆڤ كەمتر دەڵێت لەوەی ، كە دەری دەبڕێت و زۆر زانیاریش هەیە دەرنەبڕاون ، وەك : ـ

أ ـ حەز دەكەم پێم بڵێیت ( سعات چەندە؟ ) ئەگەر دەتوانی بە گوێرەی كاتی دیاریكراوی نێو وڵات لەو كاتەی قسە لەگەڵ تۆدا دەكەم .

ب ـ بە ڕاستی من كاتی تەواو نازانم ، بەڵام دەتوانم هەواڵێكت بدەمێ بۆ ئەوەی كاتەكە بە نزیكراوەی لێوەرگری ، كە بریتیە لە بەسەر چوونی بانگی نیوەڕۆ پێش ماوەیەكی كەم ، واتە من لەسەرمە بزانم بانگ چییە ؟ و بانگی نیوەڕۆ كەی دەبێت؟ بۆ ئەوەی كاتم بە نزیكراوەیی دەست كەوێ ، دەبێت كۆمەڵە زانیاریەكی خۆم بەكاربێنم . كەواتە ئەم واتا فراوانە لە ڕێگای واتاسازییەوە بە دەست نەهات ، تەنها لە ڕێگەی پراگماتیكەوە توانیمان بگەینێ ، چونكە پراگماتیك لێكدانەوەی واتایە لە دەوروبەری ئاخاوتن .

نموونەیەكی تر : ـ

زانا : بەڕێوەبەرێكی گەندەڵت هەیە ؟

دانا : كەشوهەوا زۆر خۆشە

دەبێت زانا لە رووی لۆجیکەوە ئەوە هەڵبهێنجێنێت کە بۆچی (دانا )بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکەی داوەتەوە ، لەوانەیە لەترسی ئەوەی نەوەکو بەرێوەبەرەکەی گوێی لە پرسیارەکە بوو بێت ، بەمشێوەیە وەڵامی داوەتەوە ، یان ناتوانێت وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە ، ئەگەر (دانا )وەڵامی پرسیارەکەشی نەداباوە بێدەنگی بنواندبا ، ئەوا هەمان وەڵامی دەبوو .

وەك لەم نموونەیەش دا دیارە :ـ

پیاو : هەندێك پارە لە گیرفانم بوو ، نەماوە ؟

ژن : منداڵەکان لە ژوورەکەت بوون .

لەسەر زاری دا ژنەکە وەڵامێکی ڕاستەوخۆی پیاوەکەی نەداوەتەوە و بنەمای پەیوەندی و چەندایەتی بەزاندووە بەڵام دەبێت پیاوەکە ئەوە لە وەڵامی ژنەکەی هەڵبهێنجێنێت ، کە منداڵەکان پارەکەیان بردووە .

نموونەیەکی تر کە رێکلام بۆ زاهی ئالین دەکریٚ:ـ

دایك : کچەکەم قاپەکان بشۆ

کچ : یارمەتی باوکم دەدەم

لێرەدا پراگماتیك گرنگیەکی تایبەتی بە چۆنیەتی تێگەیاندنی تاکەس دەدات، پراگماتیك واتا شاراوەکان و قوڵەکان دەگرێتەوە و ئەو واتایانە لێکدەداتەوە کە مرۆڤ ناتوانیٚ بە ئاسانی درکی پیٚ بکات پێویستی بە شیکردنەوە و روونکردنەوە هەیە .

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ، کە پراگماتیك پابەند نییە بە هیچ یاسایەکەوە و یاساکان دەبەزێنیٚ و

بەگوێرەی دەوروبەر واتاکانیان ڕووندەکاتەوە واتا پراگماتیکیەکان تایبەتن بە تاکەکەس رێککەوتنی کۆمەڵی لەسەر نییە ، واتە هەر کەسێك بە پێی بیروبۆچوونی خۆی لێکی دەداتەوە واتاکانی دەگۆڕێت لە نێوان تاکەکاندا بە هۆی بیروباوەڕ و رادەی تێگەیشتنیان لە قسە .

## هۆی سەرهەڵدانی پراگماتیك:ـ

هۆی سەرهەڵدانی پراگماتیك لە چەند خاڵێكدا خراوەتە ڕوو ، لەوانە :ـ

١- لە سەرەتای حەفتاكانی سەدەی رابردوودا پێویست وابوو ، كە زانستێك بێتە ئاراوە ، ئەویش وەكو كاردانەوەیەك بۆ كارەكانی چۆمسكی ، یاخود تیۆرەكەی چۆمسكی ، كە دەڵێن كاردانەوە ، واتە دژایەتی كردنی كارەكانی چۆمسكی ، چونكە بۆچوونی چۆمسكی بۆ زمان تەسكە ، واتە پراگماتیكناسەكان وایان دادەنا ، كە بۆچوونی چۆمسكی بۆ زمان تەسكە ، چونكە زمان وەكو توانستێك دەبینێ كە پەیوەندی بە دەوروبەرەوە نەبێ

و لە كۆمەڵ دایدەبڕێ ، واتە توانستێكی دابڕاو لە كۆمەڵ (بەكارهێنانی زمان) و دابڕاو لە واتای وشەكانیش

چۆمسكی زمان و سینتاكس لێك جیاناكاتەوە ، بەلای ( چۆمسكی) یەوە سینتاكس كرۆكی زمانە .

یەكێكی تر لە بۆچوونەكانی چۆمسكی ئەوەبوو ، كە دەبوایە نموونەكانی ستاندەربن دوور بن لە هەڵەی رێزمانی ، ئەو ڕستانەش كە چۆمسكی دەیانهێنێتەوە هەموویان لە دەرەوەی دەوروبەرن ، سینتاكس دەبێ وابێ دووربێ لە دەوروبەر .

٢- لە دوای ئەوەی كە زمانەوانان زانیارییان دەربارەی فۆنۆلۆجی و سینتاكس و واتاسازییدا ( سیمانتیكدا)

زۆر بوو ، هەندێ دیاردەی زمان سەریان هەڵدا ، كە بە هیچ شێوەیەك بە هیچ لەم زانستانە لێك نەدەدرانەوە

واتە هەندێ دیاردە دەمانەوە لە بواری فۆنۆلۆجی و سینتاكس و سیمانتیكدا هیچ لێكدانەوەیەكیان بۆ نەدەكرا ، واتە ئەو دیاردانە دەچنە بواری پراگماتیك ، بۆ نموونە هەرچەندە باس لە هێز وئاواز بكەین ، یان هەندێك ئامرازی، یان هەندێك كەرەسەی رێزگرتن ، ئەوا هەندێك كێشە دەمێنێتەوە ، هەرچەندە دەربارەی سینتاكس و سیمانتیك شت بزانین ، هێز و ئاواز بەپێی كۆنتێكست دەردەكەوێ ، بۆ نموونە :ـ پەنجەرەكە داخە

كە هێز دەخرێتە سەر پەنجەرەكە ، واتایەكی دەبێ ، واتە كە قسەكەر هێز دەخاتە سەر وشەیەك مەبەستی

تایبەتی خۆی هەیە لە رووی سینتاكسەوە قسەكەر چی هەڵدەبژێرێ و چی هەڵنابژێرێ ، دەزانێ گوێگر چی دەزانێ باس ناكات ، و چی نازانێ باس دەكات ، بۆ نموونە كە دەڵێن :

١- خانووەکەی تۆم دی

پێشتر شت سەپێنراوە ، دیارە تۆ خانووت هەیە . پێویست بەوە ناکات بڵێی تۆ خانووت هەیە و من خانووی تۆم دیت ، بەمەش زانیاری سەرەتاییم ئەوەیە کە گوێگرەکەم خانووی هەیە .

٢- پێم خۆشبوو هاتیت.

پێشبینی ئەوە کراوە کە هاتویت ، واتە هاتنەکە گریمانەی بۆکراوە بەمەش پێویست بەوە ناکات شتە زانراوەکان بخرێتە ناو ڕستەوە . ئەمانە واتە ﴿هێز و ئاواز و گریمانە پێشینە ﴾ بە سینتاکس لێکنادرێتەوە ، بەڵکو بە پراگماتیک لێکدەدرێتەوە .

٣- هۆی سێیەم : زمانەوانان هەستیان کرد ،کە زانستی سیمانتیک سنوری بۆ دانانرێ ، چونکە واتای وشە تێکەڵ بە کۆنتێکست دەبێ و وەکو خۆی نامێنێتەوە .. بۆ نموونە :ـ

أ ـ بەم شتە ڕازی نیم .

ب ـ دەرگاکە کراوەیە .

زانستی سیمانتیک ناتوانێ ئەمە لێکبداتەوە ، سیمانتیک یارمەتیمان نادات بۆ هەموو تێگەیشتنێك ، لەوانەیە وشەیەك لەهەر ڕستەیەك واتایەکی هەبێ ، ئەم جۆرە واتایەی ڕستە(ب) ئەگەر کوردی زان نەبێ واتای (دەرگاکەکراوەیە) نازانێ ، چونکە واتای ڕستەکە لە واتای وشەکانەوە دەرناکەوێ، پێویستە دەوروبەر بێنینە ناوەوە ئینجا لە مەبەستەکە دەگەین ( لەوانەیە هۆڵەکە هەر دەرگای نەبێ لەوانەیە دەرگاکە کراوە نەبێ ...)

واتە دەبێ دوو واتا لێك جیابکەینەوە :ـ

أ ـ واتای سیمانتیکی .                ب ـ واتای پراگماتیکی .

دواتر جیاوازی نێوانیان دەخەینە ڕوو .

٤ـ کۆتا خاڵی سەرهەڵدانی پراگماتیك کێشەیەکە لە نێوان زمان و ئەدەبدا ، بە بڕوای پراگماتیکناسەکان هەندێك کێشە ، کە ئەدەب بردوویەتییە لای خۆی وەك : (میتافۆر) ، درکە (الکنایە ) تێلنیشان(التلمیح) ، ئەمانە کێشەی

ئەدەب نین ، بەڵکو کێشەی زمانین ، لەبەر ئەوەی ئەمانە لە قسەی ڕۆژانەدا زۆر زیاترن لە بەکارهێنانی ئەدەبی بۆیە پراگماتیك ئەو کێشانەی کە خراونەتە ناو ئەدەبەوە دێنێتە دەرەوە و بە ڕێگای پراگماتیك چارەسەر دەکرێن. بۆ نموونە : ـ

أ ـ خواردنەکە باش بوو ؟

ب ـ پەنجەی پێوە دەخورا.

ئەم ئیدێومەی (ب) لە واتای وشەکانییەوە دیار نییە ، چونکە ئەمە میتافۆرە و سیمانتیك بۆمان چارەسەر ناکات ، دەبێت دەوروبەری قسەکەر و گوێگر بێنە ناوەوە ئینجا واتاکەی دەزانین دەبێ بۆ ئاستێکی تر بگەڕێین قوەی بەلاغی ، ئەگەر نا قسەکەر بە بێ بۆنە ئەم ڕستەیە ناڵێ .

نموونەیەکی تر : ـ

ئەم سیارە هی تۆیە ؟

ئەگەر پرسیارەکە لە ناسنامەی (هەویەی) سەیارەکە بێ ، ئەوە سیمانتیکە . بەڵام ئەگەر مەبەستی لەوەبێ ، کە ڕێگای گرتووە ، ئەوە دەبێتە پراگماتیك ، واتە خاوەنەکەی یەکسەر هەڵدەستێ و ڕێگەی دەکات ، واتە ئەمە پرسیار نییە ، بەڵکو داوایە ، یان ئەگەر پۆلیس بێ ، واتای ئەوە دەگەیەنێ ، کە سەیارەکە دزراوە ، یان لەوانەیە منداڵ جامەکەی شکاندبێ ، یان شوختی پێداهێنابێت ، لەوانە یە لە (اعجابەوە) هاتبێ ، لەوانەیە بیەوێ بیکرێ ...هتد .

نموونەیەکی تر : ـ

ژنێك بە هاوسەرەکەی بڵێت (گۆشتەکە لەسەر مێزەکەیە .)

واتای سیمانتیکی ئەم ڕستەیە دیارە ، بەڵام ئەگەر لە مەبەستی خێزانەکەت بگەیت ، پراگماتیکە ، دەتوانین لە ڕووی پراگماتیکەوە دەیان واتای بدەینێ .

١- پشيلەكە نەيخوات .

٢- بڕو بيخۆ .

٣- بۆم پارچە پارچە بكە .

٤- بە منداڵێك بڵێی واتە نەيخۆی هی باوكتە .

مرۆڤ كە زمان بەكاردێنێ لە ڕووی پراگماتيكەوەيە ، واتە دايم مرۆڤ ( هێڵی كشانەوە ـ خەت رجعە) ی بۆ خۆی داناوە ، كە لە قسە پاشگەز بێتەوە ، يان بڵێ من مەبەستم ئەوە نەبووە .

كاتێك يەكێك كە دەڵێ : پەنجەرەكە كراوەتەوە .

زۆر واتای هەيە :ـ

أ ـ ساردە دايخە .

ب ـ دەنگت هەڵمەبڕە .

## پێناسەكانی پراگماتيك :ـ

لە پێناسەكانی پراگماتيك زياتر جەخت لە بەكارهێنانی دەكرێتەوە ، پراگماتيك لێكۆڵينەوە لەو ڕستانە دەكات كە هيچ دەستور و ياسايەكی زانستەكانی تر نايان گرێتەوە  و لە سنوری سيمانتيك دەرچوونە پراگماتيك هەوڵدەدات بيانگەڕێنێتەوە بۆ دەوربەر چەند واتايەكيان بداتێ ، كە بە پێی دەروبەرەكە دەگۆڕێت ، بۆيە دەوربەر ڕۆڵێكی زۆر گرنگ دەبينێ لە دياری كردنی واتادا .

بۆ پێناسەكردنی پراگماتيك تێڕوانين و بۆچوونی جياوازيان هەيە، بەمەبەستی وردبوونەوە و وەرگرتنی زانياری زياتر ، لێرەدا هەوڵدەدەين هەندێ لەو پێناسانە بخەينە ڕوو بەمشێوەيە :ـ

**پێناسەی یەکەم :**

**پراگماتیك لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەو بنەمایەیە ، کە ناوێزەیی و ناپەسەندییان پێوە دیارە . بۆنموونە**

**? تکایە چۆنیت؟**

**? وەرە ئەوێ .**

**?بڕۆ لام .**

**تێبینی / (?) نیشانەیە بۆ ڕستەیەك کە پراگماتیکی نەبێ ، هەروەکو (*) نیشانەیە بۆ رستەیەك ڕێزمانی نەبێ .**

**ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی سینتاکس ناوێزە نین لە ڕستەی (تکایە چۆنیت) دوو جۆرە ڕستەیە :**

**١- تکایە ـــــــــ تکایە یان داوایە**

**٢- پرسە- - - - - - - - چۆنیت؟**

**پرسیار و داوا لەیەك کاتدا ناکرێ.**

**ڕستەی ( وەرە ئەوێ) ڕستەیەکی ناوێزەیە ، چونکە قسەکەر خۆی دەکات بە تەوەری قسە ، دەبێ بگوترێ بڕۆ ئەوێ .**

**ئەم ڕستانە بۆیە ناوێزەن ، چونکە لەگەڵ دەوروبەردا ڕێکناکەون ناتوانین دەوروبەرێکیان بۆ بدۆزینەوە کە دروست بن ، پراگماتیك جوتکردنی ڕستەکانە لەگەڵ دەوروبەر (سیاق) دا .**

**پێناسەی دووەم :**

**بریتییە لەو بنەمایانەی کە چارەسەری هەندێ کێشە دەکات ، کە بە سیمانتیك چارە ناکرێت ،واتە ئەو هۆکارە نازمانیانەی کار دەکەنە سەر زمان ، وەك هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و بایلۆجی ....هتد**

أ ـ چايەکت بۆ بێنم ؟

ب ـ سوپاس گوێچکەم ژان دەکات .

لەم ئاخاوتنەی سەرەوەدا سیمانتیك ناتوانێت لێکی بداتەوە و وەڵامێکی گونجاو بداتەوە و کێشەکە چارە بکات لەبەر ئەوەی گوێچکە ژان کردن نابێتە پاساو بۆ نەخواردنەوەی چایەکە . بەڵام وەڵامی (ب)واتای زیاتر هەڵدەگرێت وەك ئەوەی من چایەکەت ناخۆمەوە و تۆ پاك نیت و من بێزم نایەت چایەکەت بخۆمەوە ... هتد.

**پێناسەی سێیەم :**

پراگماتیك لایەنی چالاکی زمانە ، ئاشکرایە زمان پێکهاتووە لە (توانست) و(چالاکی) ، توانست دیوی ناوەوەی زمانە یاساکانی مێشکی مرۆڤە ، کە ئاخاوتن بەرێوە دەبات ، هەرچی چالاکییە کاراکردنی توانستە و لە ژێر کۆنترۆڵدایە ڕاست دەکرێتەوە و هەڵەی تێدەکەوێ جا پراگماتیك بۆ ئەوەی بمان گەیەنێتە توانست لە چالاکی دەکۆڵێتەوە .

**پێناسەی چوارەم:**

پراگماتیك بریتییە لە توانای قسەکەر بۆ گونجاندنی ڕستە و دەوربەر ، واتە دۆزینەوەی دەوروبەرێکی لە بار وەك: ـ

ـ شوانەکە مەڕەکەی سەربڕی .

ئەم ڕستەیە لە ڕووی سیمانتیکەوە نائاساییە ، چونکە هەموومان دەزانین شوان مەڕ بەخێو دەکات نەك سەری دەبڕێت ، بەڵام وەرگر دەتوانێ دەوروبەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە ، وەك ئەوەی مەڕەکە نەخۆش یان بریندار بیت و نزیك مردنە ، شوانەکەش نایەوێت گۆشتەکەی بە فیڕۆ بچێت ، بۆیە لە جێگای قەساب بەم کارە هەڵساوە.

**پێناسەی پێنجەم:**

پراگماتیك بریتییە لە پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر ، کە گرنگن بۆ تێگەیشتن ، ئەم پێناسەیە بڵاوترین و گونجاوترین پێناسەی پراگماتیکە ، چونکە دەوروبەر واتای مەبەستمان بۆ ڕوون دەکاتەوە .

**پێناسەی شەشەم :**

پراگماتیك بریتییە لەو لایەنانەی ، كە ناچنە ناو سنوری سیمانتیكەوە ، چونكە زۆر شتی وەك رۆنانی و شیكاری و میتافیزیكی هەن ، كە هەندێك دەچنە ناو مەرجی ڕاستی و ناڕاستی بەپێچەوانەوەش ، چونكە نە ڕاستە و نە هەڵەن بۆ نموونە

- ئاو لە ١٠٠ پلەی سەدی دەكوڵێت

ڕاستە بە تاقیكردنەوە سەلمێنراوە

وڕستەی

- ڕەبەنەكە ژنێكی جوانی هەیە .

ئەمەش هەڵەیە لە ڕێگەی شیكردنەوە دەزانین ڕەبەن بە واتای پیاوی بێ ژن دێت ، بەڵام شتێك كە پەیوەندی بە ڕای خۆتەوە هەبێت یان میتافیزیكی بێت ، ئەوا نە ڕاستە و نە هەڵە

هەروەها لە نموونەی : -

أ - كەی دێیت ؟

ب - بەیانی .

سیمانتیك دەتوانی وەڵامی (أ) بۆ (ب) لێكبداتەوە، بەڵام كاتێك دەڵێت :

ب - بەیانی دەچمە سلێمانی .

ئەوا سیمانتیك چارەی ناكات و دەبێت پراگماتیك لێكی بداتەوە ، چونكە من لە بری كات هەواڵم پێداوە و كارم بۆ خۆم دۆزیوەتەوە واتە ، رەتكردنەوەیەكی ناڕاستەوخۆیە .

**پێناسەی حەوتەم:**

**پراگماتیك بریتییە لە لێكدانەوەی واتای ناو دەوروبەر ، واتە مەبەستی قسەكەر لە دەوروبەرێكی دیاریكراودا .**

**ئەم پێناسەیە یەكێكە لەو پێناسانەی كە زۆر بەكاردێ .**

**بۆ نموونە :      ـ ئەم سەیارە هی تۆیە ؟**

**ئەم ڕستەیە پرسیارە ، بەڵام بە پێی دەوروبەر چەندین ڕستەیە ، یان چەندین واتای هەیە وەك:**

- **لەوانەیە مەبەستی ئەوەبێ بیگەیەنییە شوێنێك .**
- **لەوانەیە ڕێگەی گرتبێ .**
- **لەوانەیە بیەوێ بیكڕێت .**
- **لەوانەیە سەیارەكە دزراوە .**

**كەواتە پراكماتیك ئەوەیە لە ناو ئەو هەموو واتایە ، واتایەك بدۆزییەوە ، كە قسەكەر مەبەستیەتی .**

**لە ژێر رۆشنایی ئەو پێناسانەی خرانە ڕوو، دەكرێ ئەوە بڵێین پراگماتیك : بەكارهێنانی زمانە بۆ مەبەستێك لە دەوروبەر و بارودۆخی كۆمەڵایەتی و دەروونی و شوێن وكات و پەیوەندی قسەكەر و گوێگر كە كاریگەری خۆیان دەبێت لەسەر دەربڕینەكە.**

## ئەركی پراگماتیك : ـ

**پراگماتیك بۆ چەند ئەرك و مەبەستێك كار دەكات ، لەم خاڵانەی خوارەوەدا كۆكراونەتەوە : ـ**

**١- لێكۆڵینەوە لە زمان لە كاتی بەكارهێنان ، بەمجۆرە گوتنێكی دیاریكراوە لە كەسێكی دیاریكراو بۆ گوێگرێكی دیاریكراو لە دەوروبەرێكی دیاریكراو و بە شێوازێكی دیاریكراو .**

**٢- ڕوونكردنەوەی چۆنییەتی بە دەستهێنان و هەڵێنجانی واتا.**

**٣- ئەومان بۆ ڕووندەكاتەوە بۆچی دەربڕین بە شێوەی ناڕاستەوخۆ باشترە لە شێوەی دەربڕینی ڕاستەوخۆ ؟**

## یەکە واتاییەکانی پراگماتیك: ـ

گشت فۆرمێکی زمانی واتادارە ، بەڵام واتاکانیان لە نێوان واتاسازیی و پراگماتیك دابەش دەبن ، دیارە ﴿وشە ،ڕستە ، دەق﴾ واتاکانیان لە سنووری واتاسازیی (سیمانتك ) لێکدەدرێتەوە ، بەڵام هەڵەیە ئەگەر وشە یا ڕستە یان دەق لە سنووری پراگماتیك لێکبدرێتەوە ، چونکە بچڕاون یان بە دەوربەروە نەبستراون وئەگەر دەوروبەریشیان بۆ بدۆزێتەوە ئەوا واتای سیمانتکیان نامێنێت ، دانەی واتایی پراگماتیکی بەمشێوەیە دیاریکراوە : ـ

### یەکەم: گوتن

مەبەست لە گوتن ڕستەی بەکارهێنراوە لە دەوروبەردا ، گوتن پارچەیەکە لە دەربڕین ، واتە دەکرێ وشەیەك یان ڕستەیەك ، لاڕستەیەك بێت و لەلایەن بەکارهێنەرێکی دیاریکراو و دەوربەرێکی دیاریکراوەوە ئەنجامدەدرێت . بەمە واتای دەبێتە ( واتای ڕستە + واتای دەوربەر )

دوو جۆر گوتن دەستنیشانکراوە :

أ ـ گوتنی وەسفی : ئەم گوتنە هەڵگری ڕاستی و ناڕاستییە و دەشێ بڕیاری لەسەربدرێ وەك :

ـ زووەرەکە ساردە .

ئەم ڕستەیە یان دروستە یان نا دروستە ، ئەگەر بخرێتە دەوربەری گوتنەوە ، ئەوا واتای جیای دەبێت ، وەك ئەوەی : ـ

١- پەنجەرەکە داخە .

٢- سۆپاکە داگیرسێنە .

٣- بابچین بۆ ناندین .

٤- فەرشەکە رابخە .... هتد

ب ـ گوتنی ڕاپەڕاندن : ئەو گوتنانە ناکرێت بڕیاری دروستی و نادروستی لەسەر بدرێ و بەشێکە لە کارو ڕووداو بۆ نموونە کاتێك دەگوترێت :

ئەم منداڵەم ناونا محەمەد . ئەوا بەشێکە لە ڕووداو ناتوانرێت بگوترێت دروستە یان نادروستە.

دووەم گوتار

لە زانستی زمانی هاوچەرخدا نەخشە و چێوەی گوتار لە سنوری سەروی ڕسنە دیاریکراوە ، وشەی گوتار بە چەندین شێوە و جۆر لە بوارە جیاجیاکاندا پێناسەی بۆ کراوە ، لەوانە : ـ

دەقێکی بەکارهێنراوە لە دەوروبەرێکدا ، یان ئەو گوتنەیە کە لە نێوان دووکەسدا (قسەکەر ، گوێگر ) یان زیاتر بە ڕێوەدەچێت . یان بریتییە لەو قسەیەی ، کە ئەرکی گەیاندنی واتا وپەیامێکە بۆ کەسی بەرانبەر گوتاریش لە سەر چوار بنەما دەوەستێت لەوانە ﴿ نێرەر(قسەکەر) ، وەرگر (گوێگر) ، بابەت ، دەوروبەر ﴾ سەرەڕای بنەماکانی گوتار کۆمەلێك کەرەستەش لە بونیادی گوتاردا بەشداری دەکەن ، کە بریتین ﴿ نێرەر و وەرگر ، پەیام (بیرۆکە یان زانیاری ) ، کۆد (هێماکانی درکاندن یان نووسین ) ، کەناڵی گەیاندن ( هەوا بۆ گواستنەوەی دەنگ، نووسینی وشەکان وڕستەکان) ، کەرەستە هاوبەشەکان ﴾ .

دەشێ ئەوە بڵێین گوتار چالاکییەکی پەیوەندی کردنە لە نێوان تاکەکاندا بەڕێوەدەچێت لەسەر بنەمای زمانی درکێنراو دادەمەزرێت . واتای گوتاریش لە ئاستی پراگماتیکیدا لێکدەدرێتەوە .

سێیەم ئاخاوتن

ئەو چالاکییە هەستپێکراوە کەسییەیە کە دێتە بەر گوێ لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا و لە ژێر کۆنترۆلی قسەکەردایە ، چونکە قسەکەر سەربەستە لە هەڵبژاردنی وشەکان و ڕێکخستنیان لە کاتی قسەکردندا .

بە واتایەکی تر ئاخاوتن ئەو زمانەیە کە مرۆڤ لە ناو کۆمەڵدا بەکاری دێنێ و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت .

یاخود ئاخاوتن قسەیەکە لە نێوان دوو هاوبەش یان زیاتر ، بە ئازادی بەڕێوەدەچێ . ئەگەر بێت و لەم پێناسانە ورد بینەوە ، ئەوا ناکرێ هەموو قسەیەك بە ئاخاوتن دابنرێت ، وەك قسەکانی کۆڕ وکۆبونەوە فەرمیەکان

وەك ﴿مزگەوت ، ژووری دادگا ، هۆڵی خوێندن ... هتد یان ئەو قسانەی مرۆڤ لەبەر دەم خۆیەوە دەیكات ﴾، چونكە لەسەر بنەمای نۆبەگرتن ناچن بەرێوە ، بەڵكو یەكێك قسەدەكات ئەوانی دیكە گوێ دەگرن و مافی وەڵامدانەوەیان نییە .

بۆ ئەوەی ئاخاوتن سەركەوتوو بێت ، پێویستی بە چەند مەرجێكە ، كە لە قسەكەر و گوێگردا هەبێت و لەوانە﴿ توانای بیستن ، توانای ئەقڵی ، توانای دەماری ، توانای ماسولكەیی﴾.

لێرەدا دەكرێ بڵێین ئاخاوتن ئاڵوگۆڕ وهاوبەشیكردن ، لە كردەی پەیوەندیكردنی زارەكی دەگەیەنێت بە واتایەكی تر بەخشین و وەرگرتنە لە بازنەیەك ، كە قسەكەر و گوێگر تیایدا هاوبەشن .

## جۆرەكانی ئاخاوتن : ـ

ئاخاوتن بەسەر سێ جۆر دابەشكراوە ، كە بریتین لە : ـ

١- ئاخاوتنی ناپێچەوانەیی:

هەر بوونەوەرێك زمانێكی ئاخاوتنی هەیە بۆ ئەوەی بژیت دەبێت زمانێكی هاوبەش هەبێت ئەم ئاخاوتنە نەگۆڕە ، بۆ نموونە ئەم جۆرە ئاخاوتنە ، ئاخاوتنی نێوان هەنگ و مێروولەكانە ، كە زۆر ورد و رێك وپێكە ، هەرتاكێك رۆڵی خۆی دەزانێت و ناشتوانێت ئەركەكەی بگۆڕێت .

٢- ئاخاوتنی پێچەوانەیی:

ئەمجۆرە ئاخاوتنە دەگۆڕێت بە پێی مەبەست ، بۆ نموونە وەڕینی سەگ ، ئەگەر بەندبكرێت .

٣- ئاخاوتنی رووت :

ئەمجۆرە ئاخاوتنە هێماییە ، واتە بە هێما ئاخاوتن دەكرێت ، بۆ نمووونە رەنگی سپی هێمای ئاشتییە ، شێر نیشانەی ئازایەتییە ... هتد .

## جۆرەكانی پراگماتیك:ـ

پەیوەندی زۆری پاگماتیك بە زانستەكانی ترەوە و فراوانیەكەی وایكردووە زیاتر لە پراگماتیكێك بێتە كایەوە و پراگماتیك خاڵی كۆكردنەوە و جیاكردنەوەی زانیارییەكانی ترە .

پێشتر ئاماژە بەوە كرا كە پراگماتیك چەند پێناسەیەكی هەیە بەهەمان شێوەش چەند جۆرێكی هەیە .بەلأم بە شێوەیەكی گشتی پراگماتیك دابەشكراوە بۆ : ـ

١- پراگماتیكی دەربڕین :

چارلس مۆریس لایەنگیری ئەم جۆرەیانە ، كە گرنگی دەدات بە وەسفكردنی پەیوەندی نێوان ﴿ نێنەر و وەرگر و شێوەی دەربڕین و گۆكردن ﴾.

نێنەر ئەو كەسەیە كە پەیامێك رادەگەیەنێت و مەبەستێكی هەیە و ئاراستەی كەسێكی دەكات .

وەرگر ئەو كەسەیە كە ئەو پەیامە وەردەگرێت لێكی دەداتەوە لە مەبەستی نێنەر دەگات .

٢- پراگماتیكی ئاخاوتن :

لایەنگیری ئەمجۆرە پراگماتیكە (ئۆستن ) و (سێرێل) كە تیۆری كردە قسەییەكان دەكەوێتەوە ئەو خانەیەوە كە زمان بە كردەیەكی ئاخاوتن دادەنێت .

ئەم بۆچوونە قسەكردن بە ئەنجامدانی كارێك دادەنێت ، مالینۆفسكی پێیوایە كە هەندێ قسە ئەركی كۆمەلأیەتی جێ بەجێ دەكەن ، واتە قسە هۆیەكە بۆ جێ بەجێ كردنی كارەكان .

٣- پراگماتیكی گفتوگۆ :

ئەمجۆرە پراگماتیكە دەچێتە خانەی ئەنتۆپۆلۆجیاوە ، كە گرنگی دەدات بە كارلێكردنی گەیاندن و قسەگۆڕینەوە . لێرەدا مەبەستی گفتوگۆكردنە لە نێوان تاكەكاندا كاتێك گفتوگۆدەكەن بیرلە یەكتری دەكەنەوە بیروبۆچچونی یەكتری ئاڵوگۆڕدەكەن .

﴿لیچ﴾ دوو جۆرە پراگماتیك دەخاتە ڕوو : ـ

أ ـ سۆسیۆ پراگماتیك : ئەجۆرە پەیوەندی بە کۆمەڵناسییەوە هەیە ، بریتییە لەو بنەمایانەی کە چارەسەری هەندێ کێشەی واتایی دەکەن بە رەچاوگرتنی هۆکاری کۆمەڵایەتی ، وەکو ئیدیەمەکان بۆ نموونە ( زماندرێژ ، دەست کورت ، زمان لووس ، زگ سوتان ...هتد ).

ئەم وشانە واتاکانیان ناچنە ناو فەرهەنگەوە ، بەڵام کۆمەڵ واتای پێداون و هەتا لە ناو ئەم کۆمەڵەش نەژیت واتاکەی نازانیت و بۆت ڕوون نابێتەوە ، واتە لە کاتی بەکارهێنانیدا لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا واتاکەی ڕوون دەبێتەوە ، هەرچەندە کەسێك زمانی دووەمیش فێر بێت ، بەڵام ناتوانێت واتای ئەو وشانە لێکبداتەوە ، چونکە ئەو واتایانە بە گوێرەی ڕەوشت و کەلتوری میللەت دەگۆڕێت .

دیارە ، کە پراگماتیك واتا وەك مەبەست لێکدەداتەوە ، بۆیەش نابێ لایەنی دەرونی قسەکەر و گوێگر فەرامۆش بکرێت ، بۆیە پراگماتیکی دەرونیش هاتە ئاراوە یاخود دروست بوو تا بتوانێ واتالە دەوروبەرە دەرونیەکانیش لێکبداتەوە .

ب ـ پراگماتیکی زمانی : ئەمجۆرە پراگماتیکە پەیوەستە بە ڕێزمان بریتیە لە پەیوەندی نێوان زمان و دەوروبەر، کە لە ڕێزمان ڕەنگی داوەتەوە ، کە زیاتر نیشانکارەکان دەگرێتەوە . لێرەدا ڕێزمان بۆتە پێوەر ئەوەی لە ڕێزمان ڕەنگیدابێتەوە ئەوا دەچێتە ناو پراگماتیکی زمانییەوە .

جۆرێکی تریش پراگماتیك هەیە کە لیڤنسن دیاری دەکات پێی دەوترێ (سایکۆ پراگماتیك) لیڤنسن پێوایە پراگماتیك لەو شوێنە دەستپێدەکات ، کە سیمانتیك کۆتایی پێدێت و دواتریش زمانەوانی کۆمەڵایەتی لەوانەشە زمانەوانی دەروونیش دەست پێدەکات ، بۆیە ئاساییە سایکۆ پراگماتیك بێتە مەیدان ، کە زمان و درك پێکردن بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە ڕێگای دەروونناسی زانینی و لە دوو کانگە سەرچاوە دەگرێت ، دەوننناسی زانینی کە دەرکەوتە و بیر و باوەڕ و مەبەست دەگرێتەوە لەگەڵ ئامانج و ئارەزوو و گرنگی پێدانی قسەکەران ، بۆ نموونە کاتێك یەکێك دەچێتە ژوورێك و دەڵێت : ـ

ـ کەش و هەوا گەرمە .

یەکێ لە دانیشتوانی ژوورەکە هەڵدەستێ پەنجەرە دەکاتەوە ، کاردانەوەی ئەو کەسەی ، کە پەنجەرەکەی کردۆتەوە بەندە بە توانای تێگەیشتن لە مەبەستی کەسەکە ، چونکە کەسەکە نەیوتووە پەنجەرەکە بکەرەوە ،ئەمە رەنگدانەوەی تەواوی باری دەروونی ئاخێوەر دەگەنێت.

سەرەڕای ئەمانەش پراگماتیك خۆی واتا و مەبەست لێکدەداتەوە ، بەمەش بەشێکی زۆری پراگماتیك دەچێتە خانەی سایکۆ پراگماتیك و هەڵەیە ئەگەر تەنیا بوارێکی پراگماتیك بخرێتە ناو دەروون و هەستەوە .

بۆ نموونە گوتنێکی وەك :

- کارزان قەڵەمەکەی شکاند.

ناتوانین ئەم گوتنە بە گوتنێکی ئاسایی دابنێین ، چونکە لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە قەڵەم بۆ شکاندن نەکراوە ، بەڵکو بۆ نووسینە ، لێرەدا بۆ لێکدانەوەی ئەم ڕستەیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دەوروبەرە دەروونییەکە ، چونکە ئەو کاتە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئایا ئەو کەسەی ئەو کارەی ئەنجامداوە باری دەروونی چۆن بووە؟ ئایا لە بارێکی نائاسایی دا بووە یان هەر خۆی بێ ویست لە دەستی شکاوە . جا ئەگەر ئەم کارەی بە مەبەست ئەنجام دابێت ، ئەوا ئەبێتە بکەر و ئەگەریش بێ ویست ئەو کارەی ئەنجام دابێت ، ئەوا دەبێتە ئەزموونکار ، چونکە مەبەستی نەبووە ئەو کارە بکات .

لەم ساڵانەی دواییدا پراگماتیك بە پێی ئەو بوارەی تیایدا پراکتیزە دەکرێت ، دابەشکراوە وەك : پراگماتیکی ئیسلامی ، پراگماتیکی ئەدەبی ، پراگماتیکی کارەکی ...هتد ، ئاشکرایە ، کە پراگماتیك لە چوارچێوەی دەوروبەرێکی دیاردا واتا لێکدەداتەوە ، دیارە دەوربەرەکانیش جۆراوجۆرن وەك : دەوروبەری زمانیی ، دەوروبەری دەروونی ، ... هتد بەم پێیە دەتوانین بە پێی دەوروبەرەکانیش پراگماتیك دابەش بکەین.

## سنوری پراگماتیك

پراگماتیك سنورێکی دیاریکراوی نییە و دەکەوێتە دوو ڕیانی فەلسەفە و زمانەوانی و هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێك بداتەوە ، وەك:

٭ دەستکەوتمان چییە کاتێك قسەدەکەین؟

٭ چ دەڵێین کاتێك قسەدەکەین

٭ بۆچی داوای هاوکاری لە کەسێکی نزیکمان دەکەین لە کاتێکدا خۆمان دەتوانین بەبێ هاوکاری ئەو کارە ئەنجامبدەین؟

★ کێ قسە دەکات ؟ بۆکێ قسەدەکات ؟

★ کی ٚوکێ لەگەڵ یەك قسەدەکەن ؟

★ کێ ولە پێناو چی قسە قسەدەکات ؟

★ پێویستە چی بکەین بۆ ئەوەی تەمومژی (لێلی) هەندێ دەربڕین نەمێنێت ؟

... هتد .

ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە دەکرێ ئاماژە بەوە بکرێ ، کە بوارەکانی پراگماتیك بەمشێوەیە دیاریکراوە ، کە لە کردەی قسەیی و گریمانەی پێشینە و لێکەوتە ئاخاوتنەکان و دەوروبەر ﴿کات و شوێن و دەوروبەری قسەکردن و پلەی کۆمەڵایەتی و قسەکەر وگوێکر و زانیاریی هاوبەشی وزانیاریی دنیایی ﴾ لە خۆ دەگرێت .

## جیاوازی نێوان واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی

جیاوازی نێوان واتای سیمانیکی و پراگماتیکی بەچەند خاڵێك دەستنیشانکراوە ، کە بریتین لە : ـ

١- واتای واتاسازی بریتییە لەو واتایەی ، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکانەوە دێتە کایەوە ، لەگەڵ ئەو واتایە ڕێزمانییەی کە لە چۆنیەتی ریزبوونی کەرەسەکان پەیدای دەکەن ، وەك :

پشیلەکە مشکەکەی ڕاونا .

مشکەکە پشیلەکەی ڕاونا .

واتای پراگماتیکی ئەو واتایەیە کە دەوروبەری وتن دیاری دەکات ، یان لە ئەنجامی ناسینەوە و دۆزینەوەی بەهای جێناوەکان و وشەکانەوە دێت ، واتە لە ئەنجامی کارلێکرۆدنی دەوروبەر لەسەر واتای فەرهەنگی وشەکاندا دێت .

پ: مێزەکەت پاك کردەوە وقاپەکانت لابرد ؟

و: مێزەکەم پاك کردەوە .

ئەم واتایە لە واتای فەرهەنگی وشەکانەوە نەهاتووە ، دوو داواکراوە ، پاك کردنەوەی مێزەکە و لادانی قاپەکان ، وەلآم مێزەکەم پك کردەوە ، بەلآم قاپەکانم لانەداوە ، تۆ لایاندە ، ئەم واتایە واتای پراگماتیکە .

٢- واتاسازی پابەندی یاسایە ، بەلآم پراگماتیك پابەندی بنەماو ستراتیژە .

یاسا : کە تێکدرا واتا دەشێوێ .

بنەما: کە تێکدرا لەوانەیە واتا تەواو بێ .

ڕستە ئەگەر لە ڕووی ڕستەسازی و فۆنۆلۆجی لایدا نارێزمانی دەردەچێ ، بەلآم ڕستە کە لە ڕووی پراگماتیکەوە ڕاست نەبێ ، ئەوا لە شکاندنی بنەمایەکی کۆمەلآیەتییە ، بۆنموونە ئەگەر بە ڕۆژ بلێین :

شەوباش ... ئەم ڕستەیە لە ڕووی ڕێزمانی تەواوە ، بەلآم لە ڕووی بنەماوە ناتەواوە ، ئەمە شکاندنی بنەمایە ، نەك یاسا .

٣- واتاسازی پابەندی توانستی ئاخێوەرە ، بەلآم پراگماتیك بەندە بە چالآکییەیەوە .

٤- واتاسازی پابەندە بە واتای پیتی (حرفی) وشەکانەوە، بەلآم پراگماتیك لە واتای خوازراو دەکۆلێتەوە، بۆ نموونە :

کاروان مەکینیە

ئەمە لە ڕووی سیمانتیکەوە نابێ ، چونکە مەرجەکانی هەلبژاردنی ناتەواوە ، مەکینە دەبێ (گیاندار نەبێ )

واتە لە ڕووی سیمانتیکەوە ناتەواوە ( مەکینە گیاندار نییە ) . بەلآم لە ڕووی پراگماتیکەوە زۆر ئاساییە ، هەدێ سیفەت لە مەکینەدا هەیە لە کاروانیشدا دەبینرێ :

- لەوانەیە پیاهەلدان بێ .

- لەوانەیە توانج بێ .

شوێنەکە و زانیاری و باوەڕی قسەکەر ، ئەو واتا جیایانە دەردەخات ، ئەگەر سیماخراپەکانی کاروان مەبەست بێ، واتای دووەم دەگرێتەوە .

٥- واتاسازی خەریکی واتای ڕستەیە ، بەڵام پراگماتیك لێكدانەوەی واتای گوتنە .

٦- واتاسازی واتای فەرهەنگی وشەكانە لە دەرەوەی دەوروبەر ، بەڵام پراگماتیك واتای گوتنە لە ناو دەوروبەر.

## نیشانكارەكان : ـ

نیشانكارەكان ئەو فۆرمە زمانییە تەمومژاوییەن ، كە ئاماژە بۆ كەس و شوێن و كات و پلە وپایە و ۰۰۰ هتد دەكات. ئەو كەرەستانە دەگرنەوە ، كە زمان و دەوروبەر بەیەكەوە دەبەستێتەوە ، وەكو نیشانەكانی ﴿كەس ،شوێن ، كات ، كۆمەلأیەتی ، دەق ﴾ ئەم نیشانانە پەیرەوی ئاماژە كردن پێكدێنن و لە ڕێزماندا رەنگدەداتەوە . نیشانكارەكان ئەم ئامرازانەن رۆڵی پراگماتیك دەبینن و واتاكانیان لە دەوروبەردا دەدۆزرێتەوە .

## جۆرەكانی نیشانە پراگماتیكییەكان

جۆرەكانی نیشانە پراگماتیكییەكان بەمشێوەیە دیاریكراوە : ـ

١- نیشانە كەسییەكان

نیشانە كەسییەكان ئاماژە بۆ ئەو كەسانە دەكەن . كەسی یەكەم بۆ (قسەكەر) ، كەسی دووەم بۆ (گوێگر)، كەسی سێیەم یان كەسانی سێیەم بۆ (نائامادە) دەبێ تێبینی ئەوە بكەین ، كە كەسەكان دەگۆڕێن ، تەوەری ئاماژە كردن بە خێرایی لە هاوبەشێكەوە بۆ هاوبەشێكی تر دەڕوات .

من دەڕۆم .                    من دەڕۆم

كاردۆز                        كاوە

مەرج نییە ئاماژە بۆ كەس تەنها لە رێگەی جێناوەكانەوە بكرێ ، دەشێ لە بەكارهێنانی ناوی گشتی و نازناو و ناوی خزمایەتی و ئاماژەوە بكرێت ، وەك نازناو : كاكە ، باوكە

ناوی گشتی هەندێكیان بۆ بانگكردن و هەندێكیان بۆ ئاماژە

خاڵە وەرە ....

هۆ وەستا ....      } بۆ بانگكردن

ئامۆزاکەی لەوێ بوو ...... ⎫ ئاماژە
مامم دێت .......... ⎭

**٢- نیشانەکانی شوێن**

ئەمانە شوێنی گوتن لە چاو شوێنە هاوبەشەکان دیاری دەکەن ، ئەم نیشانانە بەزۆری لە ڕێگەی ئامرازەکانی نیشانەکردن و ئاوەڵکاری شوێن بەڕێوە دەچێ .

لە ژوورەکەدا دانیشتووە          کە دەڵێین          میوانەکان لە دەرەوەدا  دانیشتبوون

ئەو نانە بێنە ٠  (نانەکە  دوورە لە قسەکەر )

ئەم نانە بێنە ٠   (نانەکە نزیکە لە قسەکەر )

دوو جۆر ئاماژەکردن بۆ شوێن هەیە :

أ ـ بە ناوهێنان واتە دیاریکردنی شوێن و ناوهێنانی ، وەك : شاهۆ لە ژوورەکەی وانەکانی دەخوێنێت .

ب ـ بە شوێن دیاریکردن ، ئەویش بەمشێوەیە لە چاو شوێنێکی تردا ، وەك

ماڵەکەیان نزیك قوتابخانەی چوارچرایە .

یان لە چاو خاڵێکی نەگۆڕ، وەك : کوردستان لە بازنەکانی درێژی (٣٦,٥ ـ ٤٩ ) وبازنەکانی پانی ٣٠,٥ ـ ٤٠,٥ ) دایە

ومیان لە دیدی هاوبەشەکان ، وەك  پارکەکە ٥٠٠ مەتر لێرەوە دوورە .

**٣- نیشانەکانی کات**

ئەو نیشانانەن کە کاتی قسە یا گوتن لە بارێکدا دیاری دەکەن ، کە ساڵ و مانگ ورۆژ .... دەگرێتەوە

دوو جۆر کات دەبێت لە یەکتر جیابکرێتەوە : ـ

١- کاتی ڕوودان               ٢- کاتی گوتنەکە  کاتی قسەکردن ، ئێستا

وادێم               کاتی هاتن و قسە یەکن

بەیانی دێم کاتی گوتن ئێستایە کاتی ڕوودان بەیانییە ، داهاتووە

هاتوومە ، خواردوومە کاتی گوتن ئێستایە کاتی ڕوودان پێشترە ( رابردووە )

٤- ئامرازە کۆمەڵایەتییەکان

ئەو کەرەستانەن ، کە جیاوازی کۆمەڵایەتی هاوبەشەکانی ئاخاوتن نیشان دەدەن ، یان ئەو لایانەی گوتنن ،کە ڕەنگدانەوەی باری کۆمەڵایەتین . نیشانە کۆمەڵایەتییەکان ناسنامەی قسەکەر دەردەخەن .

بڵاوترین نیشانەی کۆمەڵایەتی جگە لە جێناوە کەسییەکان ، ناوی تایبەتی و نازناو و ئەو وشانەی خزمایەتی نیشان دەدەن . وەك :ـ

کاك ئازاد وەرە .

ئێمە تۆمان بەریش سپی داناوە .

دکتۆر نەخۆشەکەمان چۆنە ؟

ئامۆزا وەرە

جەناب من ئەو ئیشەم بۆ ناکرێ .

نیشانە کۆمەڵایەتییەکان بە دوو جۆر بەکاردێن :ـ

١- بۆ ئاماژە کردن ، وەك :

خاتوون هات مامم لەوێیە

٢- بۆ دواندن ، کە قسەکەرو گوێگر لێك نێزیکن ، وەك :

کاك عەلی وا نابێ . گەورەم چاوەڕوان بە .

**٥- نیشانەكانی دەق**

**ئەو نیشانانەن ، كە ئاماژە بۆ ئەو بەشەی دەق (تێكست) دەكەن كە گوتنەكەی تێدایە ، یان ئاماژە بۆ پەیوەندی نێوان گوتنێك و دەقەكەی دەوروبەری دەكات . لەبەر ئەوەی دەق بە تێپەربوونی كات ئاشكرا دەبێت ، كارێكی ئاساییە كە ئاوەڵكارەكانی كات نیشانە بن بۆ دەق وەك: وشەی پێشوو ، ئاینده ، داهاتوو ... هتد ٠**

**هەروەها نیشانەكانی شوێنیش هەر بەم كارە هەڵدەستن ، وەك :**

**لە خوارەوەدا ، لێرەدا ، لە سەرەوەدا ... هتد**

**پێشتر باسی ئەوەمان كرد ( كات )**

**لە خوارەوەدا باسی دەكەین ( شوێن )**

**پەیوەندییەكی پتەوە لە نێوان نیشانەی دەق و ناوهێناندا هەیە .هەندێك جار وشەكە دەق نییە ، بە واتایەكی تر نیشانەی دەق دەبێت بۆ دەق بگەڕێتەوە ، نەك بۆ كەس و تەن و ڕووداو بۆ نموونە**

**١- ئەو وشەیە چییە ؟**

**٢- بەفرە**

**بەفر وشەیەكی كوردییە**

**بەفر لە دوو بڕگە پێكهاتووە بۆ وشەكە**

**بڕۆ هەندێك بەفر بێنە نیشانەبۆ دیاردەكە خۆی**

**هەندێ ئامرازی بەستن وەك ﴿ بەڵام ، ئەگینا ، كەواتە ، بەهەر حاڵ ، لەوانەیە ... هتد﴾ نیشانەی دەقن**

**ـ بەڵام نایەم**

**ـ بەهەرحاڵ من چاوەڕواندەكەم .**

**ـ كەواتە ئەم شەرە لەسەر چییە ؟**

## تیۆری کردەی قسەیی

ئەم تیۆرە بە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی شیکردنەوەی ئاخاوتن دادەنرێت ، سەرەتای ئەم تیۆرە لای زانای بەریتانی ئۆستن لە ساڵی ١٩٦٢ پێشکەشکراوە ، بە بۆچوونی ئەم تیۆرە هەر قسەکردنێك بە ئەنجامدانی یان ڕاپەڕاندنی کارێك دادەنرێت ، بەجۆرە دەبینین ئۆستن زمان(واتە قسەکردن ) بەکردەوە دادەنێت ، وەك ئەوەی کەسێك بڕیار لەسەر شتێك بدات . « داوا ، هەرەشە ، پۆزش هێناوە ٠٠٠٠ هتد واتەدوای وەسف مەبەستێکی قوڵتری هەیە ، ئەویش مەبەستی قسەکەرە ٠

- تفەنگەکە سوارە (ئاگادارکردنەوە)یە

- ئەم قسەیە بۆ باوکت دەگێرمەوە ( هەڕەشە )یە

- دەڵێن بویە خزمەتکار ( توانج لێدان) ە

- ئەرێ کارەبا هەر نەهاتەوە ( نارەزایی ) ە

- فەرموو دانیشە (ڕوولێنان) ە

- خۆشم دەوێیت ( دڵنیاکردنەوە ) یە

- من بەتەنیا بۆ تۆم ( پەیماندان ) ە

تیۆری کردەی قسەیی بە دوو بنەمای گرنگەوە بەندە :-

١- هەموو گوتنێك بۆ ئەنجامدانی نیاز و مەبەستی قسەکەرە ٠

٢- وەسفی بارودۆخ ، یەکێکە لە ئەرکەکانی گوتن ، بەڵام تاکە ئەرك نییە ٠ وەك :-

- ژوورەکە گەورەیە مەبەستی دیکەم هەیە لە وەسفی ژوورەکە ، مەبەستە سەرەکییەکە ئەوەیە :

با لێرەدا نەخوێنین .

ژوورەکە بە کەڵکی خوێندن نایێ .

ژمارەی قوتابییەکان زۆرن . بەپێی ئاخاوتنەکە ، واتای دەگۆڕێ

## جۆرەكانی كردەی قسەیی

لێرەدا باس لەم دوو جۆرەی دابەشكردنی كردەی قسەیی دەكەین ، كە بریتین لە :ـ

یەكەم : كردەیقسەیی ئاشكرا ( ڕستەی ڕاپەڕاندن) وەك :ـ گفت دەدەم ، گرەوە دەكەم ، پەیمان دەدەم

چەند مەرجێك دیاریكراوە بۆ كردەی قسەیی ئاشكرا لەوانە :ـ

أ /دەبێ كارێكی ڕاگەیاندنی تێدا بێت وەك : بەڵێن دەدەم ، پەیمان دەدەم ، گفت دەدەم ٠٠٠٠ هتد

ب / لەو جۆرە ڕستانەدا كێشەی دروستی و نادروستی ناهێتە كایەوە لەبەر ئەوەی گوتنەكە وەسفی نییە تەنیا نرخیان بۆ دادەنرێت ، واتە گوتنەكە بەجێ یە (پەسەند)ە یان نابەجێ یە (ناپەسەند) ە

ـ گفت دەدەم بەرت بدەم ٠

ت / دەبێ كردەی قسەیی ئاشكرا لە تافی ئێستا دا بێ واتە ڕانەبردوو ، ڕابردوو ، یان ئینشائی نابێ ، وەك

گفتم دا ، گفتم بدابایە ٠٠٠هتد

پ/ بكەری ڕستەی ئاشكرا دەبێ كەسی یەكەمی تاك ، یان كۆ بێت

گفت دەدەم كردەی قسەیی ئاشكرایە ، بەڵام گفت دەدات یان گفتی دا كردەی قسەیی ئاشكرا نییە ٠

دووەم كردەی قسەیی نائاشكرا

سێ لەو مەرجانەی كردەی قسەیی ئاشكرای تێدا نییە

١- كاری ڕاپەڕاندنی تێدا نییە ٢- مەرج نییە بكەرەكەی كەسی یەكەمی تاك و كۆ بێ

٣- مەرج نییە تافەكەی كاتی ئێستا بێ ٤- دەبێ بە جێ یان نابەجێ بێ ، دروست یان نادروست بێ

من بەیانی دێم ( كردەی قسەیی نائاشكرایە ) گفت دەدەم بەیانی دێم ( كردەی قسەیی ئاشكرایە )

هەموو كردەیەكی قسەیی نائاشكرا دەكرێ بە كردەیەكی ئاشكرا

یارمەتیت دەدەم (كردەی قسەیی نائاشكرایە ) بەڵێن دەدەم یارمەتیت دەدەم ( كردەی قسەیی ئاشكرایە)

## لێکەوتە ئاخاوتنەییەکان :

## گرایس

جۆن پاوڵ گرایس ، بنەمای هاریکاری وەك بۆچوونێکی نوێ و چەمکێکی گشتی گفتوگۆکردن بەکارهێنا ، وەك چۆن ئادابی خواردن هەیە ، داب و نەریتی قسەکردنیش هەیە ، بە بۆچوونی گرایس هەموو ئەو داب ونەریتانەی هەموو جۆرە ئاخاوتنێك ، یەك یاسای گەورە بەرێوەی دەبات ، کە پێی دەڵێن بنەمای هاریکاری ، واتە هەموو کەسێك هەوڵ دەدات هاریکاری بکات ، واتەهیچ ئاخاوتنێك نییە بۆ سەر لێ شێواندن بێت ، یان سەر لێ تێکدان بێت ٠

بە باوەری گرایس ئاخاوتن چالاکییەکە بە هاریکاری دێتە ئەنجام و لە ژێر دەسەلاتی بنەمای هاریکاریدایە بنەمای هاریکاری (( باگوتنەکە هێندە بێت و لەو شوێن و کاتەدا بێت و بەو جۆرە بێت ، کە ئاخاوتنەکە دەیەوێت یان ئاخاوتنەکە بەرەو پێش دەبات ))

لە ڕاستیدا مەبەستی گرایس ، ئەوەیە کە ئامانج و مەبەستی دروستی ئاخاوتنەکەی تێدا بەرجەستە دەبێت ٠ هەمووکەسێك ، کە لەگەڵ یەکێکی تردا قسەدەکات ، دورشمێکی هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەوەندە بێت ، واتە نەکەم بێت و نەزۆربێت ، دیسان دورشمەکە ئەوەیە ، کە ئاخاوتنەکە بەرەو پێشەوە ببات ٠

ئەم بنەمایە بە تەنیا ناتوانێ ئاخاوتن بەرێوە ببات ، بۆیە گرایس ئەم بنەمایە دەکات بە چوار بنەمای بچووکترەوە :-

بنەماکانی هاریکاری

١- بنەمای چەندێتی : باگوتنەکە ئەوەندە بێت لەبڕدا ، کە پێویستە نە زیاتر نەکەمتر ، بۆنموونە:

أ - دێیت لەگەڵم ؟

ب - وەڵام ئەوەندە بێت ، کە پەیوەستە ... بەڵێ یان نەخێر

نموونەیەکی تر

أ - دەرگاکەت چۆن کردەوە ؟

ب - بە کلیل

ت ـ دەستم خستە سەر دوگمەکە و بەلای چەپدا ........ ئەم وەڵامە لادانە لە بنەمای چەندێتی

٢- بنەمای دروستی : باگوتنەکە دروست بێت ( واتە نادروست و بێ بەڵگە مەڵێ) بۆ نموونە

ـ دارا دوو دکتۆرای هەیە  بەڵگە پێویست ، کە دەڵێن دوو دکتۆرا واتە نەزیاتر نەکەمتر

٣- بنەمای پەیوەندی : گوتنەکە دەبێ بۆ ئەو شوێنە بشێت ، کە تیایدا هاتووە ، واتە وەڵامەکان دەبێ لە بار بن .

أ ـ نان دەخۆی یان نا ؟

ب ـ ناچمە لای دکتۆر  پێویستە وەڵامەکە پەیوەندی بە پرسیارەکە ویان نان خواردنەوە هەبێت ، دەتوانرێت وەڵامێکی وەك (ب ) بدرێتەوە ، کاتێك نەتەوێ وەڵامی پرسیارەکە بدەیتەوە ٠

٤- بنەمای چۆنایەتی  : گوتنەکە با ڕووت بێت ، دوور بێت لە فرەواتایی و تەمومژی و ڕووداوەکانیش بە ڕێزبێن

ـ  چووم نان بکڕم

چەند نموونەیەك لەسەر لادان لە بنەمای هاریکاری

١-

أ ـ بەڕای تۆ ئەم دکتۆرە چۆن

ب ـ زیرەکە ...

ت ـ دکتۆرێکی زۆر باشە ، جگە لە نەخۆشییەکانی دڵ ، شارەزای لە نەخۆشی گورچیلەش هەیە

٢-

أ ـ ئازاد چەند منالی هەیە ؟

ب ـ دوو سێ منالی هەیە

٣-

أ ـ کوڕم ئۆتومبیلەکەت شوشت ؟

ب ـ ئەمڕۆ باران دەبارێ

٤ـ

أ ـ مامۆستای بیرکاریتان چۆنە ؟

ـ باوکییانە ، یاری بە ژمارەکان دەکات

ب ـ دەرگاکەی لەسەرمان داخست

ت ـ کتێبەکانت بردە کوێ

ـ کتێبەکانم لە ماڵی هاورێم بوو ، لێم وەرگرت و پاشان بردم بۆ مامۆستا نەوزاد

پ ـ ئەمڕۆ چیدەکەیت ؟

ـ ئەچمە سینەما و خۆم ئەشۆم و پاشان وەرزش ئەکەم

## خوێندنەوە و پڕاگماتیك

سەرەتا بەر لەوەی باس لە پەیوەندی کردەی خوێندنەوە بە پراگماتیکەوە بکەین ، پێویستە بزانین خوێندنەوە چی دەگەیەنێ ؟ ئایا تەنها پەیوەندیی کاریگەری و کارتێکردنی نێوان دەق و خوێنەرە ؟ یا توانستی خوێنەرە لە دۆزینەوەی واتای دەق ، یاخود ئەو هێزە شاراوەیەی دەقە ، کە خوێنەر بۆ ناو جیهانی دەق کێش دەکات ؟ هەموو ئەو بۆوونانە کردەی خوێندنەوە لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕی نێوان دوو لایەن چڕ دەکەنەوەبەمەش لایەنی رۆشنبیری و دابونەریت و باری دەروونی و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە فەرامۆش دەکرێ ، کە دەوری دانەر و خوێنەری دەق دەدەن .

خوێندنەوە تەنها کردەی گەڕان بە دوای واتا نییە لە دەقدا وەك چۆن لە کۆن وابوو کە بڕوایان وابوو دەق تەنها مۆڵکی دانەرە و پێکهاتەیەکی داخراوی هەیە لە خودیی خۆیدا و واتای دەقیش شتێکی جێگیر و حەتمییە لەلایەن دانەری دەق دانراوە ، بەڵکو واتای دەق تەنها لە چوارچێوەی بازنەی گەیاندندا دیاریدەکرێت ، کە هەر یەك لە دانەر و خوێنەری دەق بەشدارن لە دروستکردنی ئەو واتایە لە کات و شوێنی دیاریکراودا .

خوێنەر ناتوانێ بە ویستی خۆی دەق لێکبداتەوە و وەك دانەیەکی دابراو سەیری بکات ، بۆ ؟ و// چونکە دەق وەك هەر دانەیەکی تری زمانیی لە لایەکەوە بە دەوروبەری زمانیی و لە لایەکی تریشەوە بە دەوروبەری پڕاگماتیکی دەورەدراوە ، بەڵگە چییە ؟ بەڵگە بۆ ئەمە ئەوەیە کە ناتوانرێ یەك جۆر خوێندنەوە بسەپێنرێ بەسەر دەقدا ، بەبێ گوێدانە ئەو بارودۆخەی دەوری دەق دەدات ؛ ئەگەر خوێندنەوەی دەق بە ویستی خوێنەر بوایە ئەوا هەموو دەقەکان یەك واتایان دەبوو .

بۆ نموونە ئەگەر سەیری لیستی فرۆشگاکان ، بکەین کە جۆرێکە لە پەیوەندی نێوان بەرێوەبەری فرۆشگاو کڕیارەکان دەکرێ لە چەند روویەکەوە پەیوەندی خوێندنەوەی ئەو دەقە بە دەوروبەرەوە لە روانگەیەکی پڕاگماتیکی لێکبدەینەوە ، بۆ نموونە ئەمەی خوارەوە وێنەی لیستی فرۆشگایەك دەنوێنێ کە چەند دەقێك لە خۆ دەگرێ:-

TeaMMart
Erbil

Inv.Date;24/2/2024 Inv.NO;112227766549
Time;59;4;33 pm Cash;M-PM

| مادده | ژمارە | نرخ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| پاککەرەوەی هایر | ٢ | ١٦٠٠ | ٣٢٠٠ |
| خوێی زێر | ٤ | ٣٥٠ | ١٤٠٠ |
| کلینس نرجس | ٣ | ١٤٥٠ | ٤٣٥٠ |
| شەربەتی سانکویك | ٢ | ٤٥٠٠ | ٩٠٠٠ |
| تکایە سەردانی بەڕێوەبەراتی بکەن لە کاتی روودانی هەر هەڵەیك | | | ١٧٩٥٠ |

خوێندنەوەی ئەم دەقە بە پێی کات و شوێن و ئەو بارودۆخەی دەوری خوێنەرانی دەقەکە دەدات و مەبەستی خوێندنەوەکە دەگۆڕێ ، یەکەم ساتی خوێندنەوەی ئەم لیستە ساتی کڕینە لەناو فرۆشگاکە یاخود کەمێك دواتر لە لایەن کڕیاری کەلوپەلەکانەوە ، لەو کاتەی خوێنەری ئەم دەقە تەنها گرنگی بە نرخی کەلوپەلەکان دەدات و سەیری کۆی گشتی پارەکە دەکات بە بەراورد لەگەڵ نرخی شتەکان بە تاك ، بە بێ گوێدانە زانیارییەکانی تری ناو لیستەکە وەك ناوی فرۆشگا و ڕێکەوتی کڕین و تێبینی کوتایی ......، زانینی چۆنییەتی خوێندنەوەی لیستەکەش دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی خوێنەر و ئەزموونی پێشووی ، کە هەر شێوەیەکی تری نووسین جگە لەو لیستە بەکاربێت هەمان وێنەمان ناداتێ ، بەلاَم ئەگەر ئەو کڕیارە لە کاتی چونەوەی بۆ ماڵ بینی کەموکوڕی لە یەکێك لە کەلوپەلەکاندا هەیە ، دووبارە لیستەکە دەخوێنێتەوە بەلاَم ئەمجارەیان سەیری ڕێکەوتی کڕین و ئەو تێبینییە دەکات کە لە بارەی ، دووبارە سەردانکردنی ئەو فرۆشگایەیە لە کاتنی روودانی هەڵە یان کەموکوڕی ، ئەوە لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو کەسە چەند جارێکی تر چووبێ بۆ ئەو فرۆشگایە بەلاَم ئەگەر جاری یەکەمی بێ و بە ڕێککەوت چووبێ ئەوە سەرەتا سەیری ناوی فرۆشگاکە و ناونیشانی دەکات بۆ ئەوەی دووبارە سەردانیان بکاتەوە ، دوای ئەوەی سەردانی فرۆشگاکە دەکات لیستەکە جارێکیتر دەخوێنرێتەوە، بەلاَم ئەوجارەیان لە لایەن کارمەندی فرۆشگاکەیە ، لەم خوێندنەوەیە نرخ گرنگی پێنادرێ بەڵکو ڕێککەوتی کڕین و وماوەی گرەنتی کەلوپەلەکە و زانیاری تری پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە گرنگی پێدەدرێ .

ئەمە کاریگەریی دەوروبەر لەسەر خوێندنەوە دەردەخات لەوەی چۆن یەك دەق لەلایەن چەند خوێنەرێکەوە یاخود لە لایەن هەمان خوێنەر بەپێی کات و شوێن و مەبەستی خوێنەر دەقەکە دەگۆڕێ